دەستگیرکردنی سێ راوچیی کوێیتی لە موسەننا



وەزارەتی ناوخۆ رایگەیاند کە سێ راوچی کوێیتی دەستگیرکردووە بەتۆمەتی سەرپێچیکردنی ڕسا و مەرجەکانی راوکردن لە بیابانی موسەننا.

ئەمڕۆ یەکشەممە، بەپێی راگەیەندراوێك، فەرماندەیی هێزەکانی سنووری وەزارەتی ناوخۆ توانیویەتی سێ راوچی بەرەگەزنامەی کوێیتی لە بیابانی پارێزگای موسەننا دەستگیر بکات و دەیانت، "راوچیەکان بە ئۆتۆمبێلێکی مەدەنی بوون و سێ هەڤیان بێ راوکردن بەکارهێناوە و لەئێستاشدا دەستبەسەرن".

بەپاس لەئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی کردووە و دەرکەوتووە کە راوچییەکان ڕسا و ڕێنماییەکانی راوکردنیان پێشێلکردووە، هەروەها یاسا کارپێکراوەکانی ڕێکخستنی هاتنە ناوەوەی راوچییە بیانییەکان و پراکتیزەکردنی راوکردن لەناو خاکی عێراقدا.

ئەوەش خراوەتەڕوو، بەپێی ڕێنماییەکان ڕووشوێنی یاسایی بەرامبەر بە ماسیگرەکانی کوەیت گیراوەتەبەر و رەوانەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکان.